شەپۆلێکی بەفر و باران بەشێکی زۆری ناوچەکانی باکووری کوردستانی گرتەوەو بووە هۆی ئاستەنگی هاتووچە

شەپۆلێکی بەفر و باران بەشێکی زۆری ناوچەکانی باکووری کوردستانی گرتەوەو بووە هۆی ئاستەنگی هاتووچە.

ئەمە دووشەممە (20ـی تشرینی دووەمی 2023) لە پارێزگاکانی قەرس و ئەرزەرم و ئەردەخان بەهۆی بەفرەوە رێگەی دەیان ناوچە و گوند داخرا.

لە شاری ئەرزەرم و و سنووری، بەهۆی بەفرەوە رێگەی 251 گوند داخرا، بەهۆی شەپۆلی چەی بەفربارین کە بووە هۆی داخستنی ڕێگاوبان.

لە پارێزگای قەرسیش رێگەی زیاتر لە پێنج گوندی سەر بە شارچکەی قاموشان و لە پارێزگای ئەردەخانیش رێگەی سێ گوند بەهۆی بەفرەوە داخران.